ئەنجومەنی هەرێمیی پارێزگای ئۆرەبرو
چاوەدێری تەندروستی منداڵ

# خەتەنەی کوڕ - زانیاری بۆ دایکوباوکان

## یاسا لە بارەی خەتەنەکردنی کوڕان بە بێ بناخەی پزیشکی

یاسای (2001:499) دەڵێت خەتەنەی کوڕان دەبێت بکرێت لە لایەن پزیشکێکی بەناسنامە یان کەسێك کە مۆڵەتی تایبەتی وەرگرتووە لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵایەتی. ئەگەر کەسێکیتر خەتەنە بکا سزا دەدرێت لە سەر ئەو کردەوەدا.

پێش خەتەنەکردن، پزیشکەکە دەبێت زانیاری بە دایکوباوکەکان بدا لە بارەی واتادانی نەشتەرگەرییەکەوە. ئەگەر کوڕەکە هەم دایك و هەم باوکی هەبوو، هەردووکیان دەبێت ئارەزوویان هەبێت لە خەتەنەکردنی کوڕەکەیان.

هەروەها پزیشکەکە دەبێت هەوڵبدا بۆ زانینی هەڵوێست و ئارەزووی کوڕەکە ئەگەر پێگەیشتوو بوو بۆ توانینی دەربڕین لە بارەی ئەم کارەوە. نابێ کوڕێ خەتەنە بکرێ ئەگەر ئارەزووی لێی نەبێت.

کوڕەکە دەبێت دەرمانی کەمکردنەوەی ئێش پێی بدرێ. دەبێت خەتەنەکردنەکە خاوێن بێت وەکو نەشتەرگەرییەکانیتر و هەمان ڕێسای هەبێت.

قسە بکە لەگەڵ نەخۆشڤانی ناوەندی چاوەدێری منداڵەکەت ئەگەر دەخوازی زۆرتر بزانی.

## پارێزگای ئۆرەبرو

ئەنجومەنی پارێزگای ئۆرەبرو بڕیاریداوە کە چاوەدێری دەوڵەتی خەتەنەی کوڕ نەکا بە هۆی کولتووری یان ئاینیەوە.

ئێمە دەستنیشانی خانووی پزیشکان، ئۆدنپلان (Läkarhuset, Odenplan)، دەکەین کە لە ستوکهۆڵمە. لەوێ منداڵ کە تەمەنی لە 3 مانگ کەمترە یان کێشی لە 15 کیلۆگرام زۆرترە (تەمەنی نیزیکەی 2 ساڵە)، نەشتەرگەریدەکرێت.

---

| ناونیشان | تەلەفۆن |
|---|---|
| **Barnkirurgi**<br>**Läkarhuset Odenplan**<br>**Odengatan 69**<br>**113 22 Stockholm**<br>http://barnkirurgen.se/ | **08-587 102 70** |

---

## تێچوون

- منداڵ کە تەمەنی لە3 مانگ کەمترە خەتەنەی دەکرێ بە بەکارهێنانی بەنجی ناوچەیی و خەرجی **3500** کرۆنە.
- منداڵ کە تەمەنی لە 2 ساڵ زۆرترە خەتەنەی دەکرێ بە بەکارهێنانی بەنج و خەرجی **6500** کرۆنە.

خێزانەکە خۆی خەرجی خەتەنەکە هەڵدەگرێ.



Region Örebro län